# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

### (5) لە پێناوی دارشتنی زەمینە و چواچێوەیەکی زانستی بۆ ڕەخنە وگفت و گۆ و لێکۆڵینەوەی ئازاد
### هەڵوێست ژمارە 3، 1984

ئەوەی بابەتەکانی دوو ژمارەی پێشووی ( هەڵوێست) ی سەرنج دابن، ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوتووە، کە تەماو هیوای مەزن، گەورەتر لە هێزی دەربڕینی ووشەکان و توانستی بەدی هاتنیان، خۆی تێدا دەردەخەن... مەودای خواستەکانمان تەنانەت لە هیواو هومێدیش تێدەپەڕێنن و بە مەزەندەی زۆر خوێنەر، لەهەرێمی خەون و خەیاڵدا، سنووری بێ سنوور بۆ خۆیان دەکێشن... خەون دەبینین؟! بەڵێ خەون دەبینین.. بەڵام خەونەکانمان ڕەوان. زادەی مێشکێکی خەستە نین. تەماکانمان هەقن. لە ماکی خۆ- ویستی و بەرژەوەندی تەسکەوە سەر هەڵنادەن. بیرەکانمان رەسەنن. لەناو بێشکەی مێژوو- و جوگرافیادا بەچەیەکی سەیرو سەمەرەو نا ئاسایی نین. بەڵکو هاوارێکی نامۆ- و چریکەیەکی درەنگ وەختن بەشوێن ئەو کاروانەدا، کە لەسەرەڕێی کاروانسەراکانی مێژوودا سەرسام وەستاوە. با ئاشکراتر بدویین.

**لەقسەوە بۆ بیر:** لە ژمارەی یەکەمی ( هەڵوێست) دا پرۆژەی دامەزراندنی ئامۆژگایەکی رۆشنبیری و هونەری کورد- مان بڵاوکردەوە.. لە ژمارە دوودا بانگەوازێك بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی گەلیی کوردستانی فراوان لەگەڵ پرۆژەیەك بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی. دەزانین پرۆژە دانان و

بەرنامەو بانگەواز نووسین کارێکی ئەگەر سانا نەبێ، قورسیش نییە.. دەزانین کە تەنیا هاوارکردن کاروانی مێژوو راناچڵەکێنێ. دەزانین کورد گوتەنی- قسە هەزارەو هەموو کەس پێی دەوێرێ. بەڵام ئەمە واناگەیەنێ، کە نووسین هەر قسەی رووتەو هیچی دی یان راستتر ئەرکی یەکەممان ئەوەیە کە نووسین لە قسەی رووتەوە، بکەینە بیر. بیری زانستی. ئەوسا قسە خۆی لە خۆیدا دەبێ بە کردار، بە کردارێکی کۆمەڵایەتی، بە بیرکردنەوەو هەڵوێستی رۆژانە. بۆ ئەوەی وشە لە بۆشایی ئایدیالیستییەوە، ببێتە بیری زانستی، دەبێ بە دەنگی مێژوو، مانای مێژوو، خواستی مێژوو پڕ بکرێ. بەڵام ناشکرێ دەنگی مێژوو ببیسین، مانای مێژوو بزانین، خواستی مێژوو تێبگەین، ئەگەر یەکەم: خۆمان لەناو مێژوو دا نەژین، دووەم: ئەگەر شێوەی کارکردن و دەرکەوتنی مێژوو نەزانین.... واتە گەر پێشتر بیرێکی زانستی و روانگەیەکی زانستیمان نەبێ لە رێگایەوە مێژوو، مێژووی خۆمان و جیهان بزانین و تێبگەین، هیچ گەلێکی زیندو نییە بەبێ ئەوەی بتوانێ مێژووی خۆی تێبگاو لێك بداتەوە، هیچ گەلێکی زیندوو نییە ئاگاداری مێژووی خۆی نەبێ، نەینوسێتەوەو لێیەوە فێرنەبێ.

چوارچێوەیەکی شارستانی: ئێمە دەمانەوێ مەسەلەی گەلەکەمان لە چوارچێوەیەکی مێژوویی شارستانی دا دارێژین.. واتە بەلای ئێمەوە مەسەلەی خەباتی نەتەوایەتی رزگاریخواز تەنیا مەسەلەی چەك نییە. مەسەلەی بوونی حیزبێکی رابەر نیەو هیچی دی.. مەسەلەی چالاکی سیاسی رووت نییە. بەڵکو رێرۆیەکی مێژوویی زۆر لایەنە کە بەر لەهەموو شتێك ناوەرۆکی گەلیی- دیموکراتی- شارستانی هەیە.. خەست کردنەوەی مەسەلەی نەتەوەیی، لە خەباتی سیاسی- چەکداریدا، بێ گوێدانە ناوەرۆکە کەلتوورییە. شارستانییەکەی، ( زمان، مێژوو، ئەدەب، نەریت و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی، خەباتی چینایەتی و هەموو شێوەکانی دەربرینی کەسێتی و هەوێتی نەتەوە) لە ئاکامدا، خۆی لە فۆرمێکی لە رێرۆی- مێژوو- داراودا دەبینێتەوە.... خەباتی نەتەوەیی رزگاریخواز بەر لە هەموو شتێك بۆ پاراستنی خاك و هەوێتی نەتەوەیی- یە. بۆ ئەمەش نابێ ئێمە تەنیا چاوەرێی خەباتی سیاسی بکەین و هەموو رەهنێکمان بخەینە سەر هات و نەهاتی ئەو خەباتە... واتە: گەر ئێستا کوردی نەزانی، یان زمانە کەمان دواکەوتووبێ: گرنگ نییە، کە رزگار بووین تۆڵە دەکەینەوە... کە رزگار بووین فۆلکلۆرمان دەژێنینەوە، مێژوومان دەنووسینەوە، ئەدەبیاتمان پێش دەخەین، نەوەکانی تازەمان بەلایەوە کوردانە گۆش دەکەین.. هتد، ئەم بۆچوونە راست نییە.

مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی ئازادیخواز، مەسەلەیەکی سیاسی، دابڕاو لە ناوەڕۆکی شارستانی و کۆمەڵایەتی (زمان و مێژوو- و بابەتەکانی دی) نییە، ئەمانە خۆیان ناوەڕۆکی سیاسی بەهێزی خەباتی نەتەوەیین... هەموو نەتەوەیەك: هەوێتی شارستانی خۆی هەیەو خەباتی سیاسی- چەکدار دەبێ ئەو هەوێتییە بکاتە زەمینەی کاری خۆی- نەك بەلاوەی بنێ و دوای بخاو یان وەك داخوازی لە دوژمنی داواکا؟! ئێمە دەرفەتی زۆرمان بۆ هەڵکەوتوون، کە لەدەستمان داون، هۆی سەرەکی ئەمەش ئەو (تێگە) دواکەوتووانە بوە کە وای دادەنێ هۆشیاری سیاسی لە هەڵگرتنی چەکدا خۆی دەردەبڕێ و بەس. پێشمەرگە، گەر زمانەکەی خۆشی نەزانێ، گەر هیچ لە مێژووی وڵاتەکەشی حاڵی نەبێ، گەر چوارچێوەو دووریيە سیاسیی و شارستانییەکانی کێشەکەشی بەلاوە مەتەڵ بن، گرنگ نییە؟! ئەوە نیە پێشمەرگەیە... ئەمە بەسە؟! دروستکردنی خەباتکاری نەتەوەیی وەك مرۆڤی چەکدار، لە ستراتیژیەتی چەتەیی- بەولاوە ناڕوا.. خەباتکار، بەر لەوەی چەکدار بێ، دەبێ سیاسی بێ: واتە شارەزای ناوەڕۆکی شارستانی و چوارچێوەی مێژوویی و جوگرافی و – جیهانی ئەو مەسەلە بێ کە لە پێناویا خەبات دەکا... تەنیا ئەوسادەبێتە پێشمەرگەی خاکێك، گەلێك، مەسەلەیەك، نەك کەسێك یان تاقمێك چەندان ساڵ لە شۆڕش دا بووین؟ چەندان حیزب و دەزگای سیاسی و ئیعلامیمان هەبون؟! بەڵام: چەند کتێب بە کوردی نووسران و بڵاوکرانەوە؟ جەند بنکەی ڕووناکبیری لە کوردستاندا هەبوون؟ چەند پرۆژە بۆ نووسینەوەی مێژووی- نەك کۆن- بەڵکو تازەمان داریژران؟! چەند (حەملە) بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی فۆلکلۆر و میراتی نەتەوەییمان ئەنجام دران؟! چەند فلیمی بەڵگەنامەیی جەنگ و کارەساتی کوردستان گیران؟! چەند (تیئۆری مێژوویی) بۆ لێکدانەوەی تایبەتێتی کۆمەڵگاو قوناغی مێژوویی کوردستان و خەباتی چەکداری گەلی کورد، پێشکەش کران؟ چەند (ئەنجوومەنی جوتیاران) دامەزران؟ چەند حەملەی وریاکردنەوەو سیاسی کردنی لادێی یەکان ڕێك- خران؟ تەنانەت چەند کەس یادداشتی ڕۆژانەو بیرەوەری خۆیان نووسینەوە تا ببنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو، پەندی مێژوویی بۆ نەوەکانی داهاتوو؟! بەداخەوە وەڵامی هەموو ئەمانە: هیچ.. هەر هیچ گومانی نییە، ڕوناکبیرانی کورد بەشێکی تاوانی ئەم (هیچ) ە یان لەسەر شانە.. بەڵام لێکدانەوەی ئەمە، چوونە ناوەوەیەکی قووڵترو، باسێکی سەربەخۆی گەرەکە. ئەمەش مەبەستی ئەم وتارە نییە. پرسیاری ئێستامان ئەوەیە: چۆن بزووتنەوەی مێژوویی گەلەکەمان بە ناوەڕۆکی شارستانی و بیری دەوڵەمەند بکەین و هەوێتی

نەتەوەیی گەلی کوردستان لە بۆتەیەکی روناکبیری زانستی دا گەڵاڵە بکەین؟!

بیری ئازاد، رەخنەی ئازاد:
خەباتی نەتەوەیی رزگاریخواز، وەك خەباتێکی کۆمەڵایەتی شارستانێتی- مێژوویی ئەو خاسێتەی هەیە کە بەربڵاو فرە لایەنەو ناتوانرێ لە جۆگەیەکی تەسکدا کۆبکرێتەوە.. ناتوانرێ بخرێتە ناو قاڵبێکی تایبەتییەوە. گەرچی بێگومان دەتوانرێ و بەڵکو دەبێ یاساو دەستووری زانستانەی تێروانین و لێکدانەوەی گەڵاڵە بکرێ.. هەنگاوی یەکەممان لێرەدا- گوازتنەوەیە لە قسەوە بۆ بیر.. واتە لە وشەی زەقی تویێکڵداری بێ کاکڵەوە بۆ ناوەڕۆکی مێژوویی کۆمەڵایەتی شارستانیی. ئەم کارەش تەنیا بە پرۆژە دانان و بەرنامە نووسین ئەنجام نادرێ. چونکە ئەم کارەش خۆی لە خۆیدا کارێکی مێژوویی یە بە رۆژێك و دوو رۆژ، یان ساڵێك و دوو ساڵ، تەواو نابێ. هەروەها کارێکی کۆمەڵایەتی یە بە رای کەسێك و دوو کەس. یان کۆمەڵ و تاقمێك، بە مەرام ناگا. کەوایە: پێویستمان بە بیری زۆر کەسە. بیری هەموو خاوەن بیرێك رای هەموو خاوەن رایەك. دەنگی هەموو خاوەن دەنگێك. هەوڵ و هاوکاری هەموو دڵسۆزێك. هەروەها بۆ ئەوەی ئەو بیرو راو دەنگە جیاوازانە تێکەڵ بن و یەکتر بەهێزو دەوڵەمەند کەن و روخسارو رێکاری خەباتی نەتەوەییمان دەستنیشان کەن: پێویستمان بە زەمینەیەکی ئازادە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا، بۆ گفت و گۆی روناکبیرانە، بۆ گوێ بۆ یەکتر راگرتن و لە یەکترەوە فێر بوون، بۆ رەخنە لە خۆگرتن و لەیەکتر گرتن، بەبێ ئەمە: بیر لە قسەوە لە دایك نابێ، بەبێ ئەمە بیرکردنەوەی بابەتیی زانستی نابێتە پراوەی رۆژانەمان، بەبێ ئەمە ناتوانین خەباتی گەلەکەمان لە شێوەوە بکەینە ناوەڕۆك... لە جوگرافیاوە بکەینە مێژوو.... کەوایە: ئێمە وەك رووناکبیر، دەبێ بەر لە هەموو شتێکدا ئەم هەلو مەرجە سەرەتایی یە فەراهەم کەین، دەبێ بە رەخنەگرتن لە خۆمان دەست پێ بکەین... گەر روناکبیرانی کورد خۆیان ئامادە نەبن رەخنە لە خۆیان، لە یەکتر بگرن، گوێ بۆ یەکتر رادێرن، لە خۆپەرستی و گرێی سایکۆلۆژی و واقیعی دواکەوتوویی بیرو لێکدانەوەی کۆمەڵەکەمان بەرزتر نەبن، چۆن دەتوانن ببنە نموونەو رێپیشاندەری کۆمەڵانی خەڵك؟! چۆن دەتوانن: لێکدانەوە و تیئۆری مێژوویی بۆ قۆناغی ئەمڕۆمان بەدەست بێنن؟! گەر روناکبیر لە باوەڕبوون، بە مرۆڤەوە، بە پیرۆزی ژیانی مرۆڤ و مافی بە ئازادی و خۆشی- ژیانی مرۆڤەوە، دەست پێ نەکا، چۆن دەتوانێ ببێتە بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بە دەنگێکی زیندووی ڕیرۆی گەردوونی مرۆڤ؟! گەر روناکبیر

لەناو گەلدا، لەناو ئازارو ئاواتی گەلدا، نەژیا، لەهەموو مرۆڤێکی سادەی وڵاتەکەیەوە فێرنەبێ، چۆن دەتوانێ بچێتە ناو دیاردە مێژوویی یەکانەوە؟!
گەر روناکبیر بەردەوام، نەخوێنێتەوە خۆی پێ نەگەیەنێ، بە سەرچاوە رەسەنەکانی بیری مرۆڤایەتی ئاشنا نەبێ لە تاقیکراوە دەوڵەمەندەکانی مێژووی گەلانەوە فێر نەبێ، تێروانینی فەلسەفەی- زانستی بەدەست نەهێنێ، چۆن دەتوانێ رووداوەکانی ژیان و جیهان تێ بگاو شییان بکاتەوە و لێکیان بداتەوە؟!
گەر روناکبیر نەسوتێ، چۆن روناکی دەبەخشێ، چۆن ناوی روناکبیری پێ رەوا دەبینرێ؟!
بەڵام- کورد گوتەنی- تاقە سوارە تۆز ناکا. تاقە چراش، دنیا روناك ناکاتەوە. تاقە بیروڕایەکیش نەخشەی مێژوو ناکێشێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: نابێ هەرکەسە تەنیا بیرو ڕای خۆی پێ ڕاست بێ و بەس... ئەوەی من بەدڵم بێ، خاسە، ئەوەی لەگەڵ هۆش و گۆش و تێگەیشتن و حەزی منیشدا نەگونجێ: قسەی بۆشە. ئەمە هەڵوێستێکی هەڵەو هەڵەشەیە. گەر هەریەکێکمان خۆمان بە ئەندامێکی نەتەوەکەمان، گەلەکەمان، کۆمەڵەکەمان بزانین، دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین، کە لەناو کۆمەڵەکەماندا، بەحوکمی قۆناغی مێژوویی لەلایەکەوە، بەحوکمی جیاوازی نەوەکان و جۆراوجۆری بۆچوونی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسی بۆشتەکان و مەسەلەکان و دیاردەکان، لەلایەکی دیکەوە، بیروراو تێگەی جۆراوجۆرو جیاواز هەن، جیاواز، مەرج نییە، مانای دژایەتی بگەیەنێ: ئەمە تەنیا خەباتی کۆمەڵایەتی دەری دەخا. هەروەك رەنگاورەنگی سروشت، رەنگاورەنگی بیرو بۆچوونەکان، ژیانی شارستانی نەتەوە دەوڵەمەند دەکات....

کۆخوازیی: لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Consensus هەیە. ئەم وشەیە مانای (رێك کەوتنی گشتی) دەگەیەنێ و لە فەرهەنگی سیاسیدا بۆ دەست نیشانکردنی ئەو مەسەلەو بیرو بەرژەوەندییانە بەکار دێ کە تێکرای چین و گرۆکانی کۆمەڵ تێیدا بەشدارن... بۆ نموونە: پاراستنی خاك لە دەست درێژی بێگانە، پێشکەوتنی ئابووری، ئاشتی و ئاسایش، پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەکان.. هتد.
ئێمە بە کوردی وشەی کۆخوازیی بەرامبەر consensus بەکار دێنین..
کۆخوازیی مانای ئەو شتەیە وەك هەموو دەیخوازین و ئامانجی هەمووومانە.
( واتە کۆ دەبێتە فاعل لەسەر شێوەی دڵخوازیی) یان مانای ویستنی کۆ یەتی، ویستنی پێکەوە بوون و پێکەوە ژیانە.

( واته كۆ لێرەدا دەبێتە مفعول بە object لەسەر شێوەی ئازادیخوازی) هەموو گەلێك كۆخوازیی خۆی هەیە. بەبێ بوونی كۆخوازیی هیچ كۆمەڵێك سەرناگرێ.. هیچ گرۆیەكی مرۆڤ ناتوانێ بەیەكەوە بژی. كۆخوازیی دەربرینێكی شارستانی بنەماو هەوێنی ( هەویتی) هەر گەل و كۆمەڵێكە... هەر ئەندامێك تەنانەت بەبێ ئەوەی هەست بكا، یان هۆشیارانە ڕەفتار بكا، كۆخوازیی وەك هەلو مەرجی پێكەوە ژیان وەردەگرێ و پراوەی دەكا. بۆ گەلانی ئازادو خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆ: پێویست بەوە ناكا بە گەنجەكانی بڵێی: زمانەكەی خۆتان فێربن زمان بنەمای نەتەوەیە؟ ئەمە بەلایانەوە سەیر دەبێ. چونكە زمانی نەتەوەیی، لای ئەوان وەك هەناسەدان، سروشتی و ئاسایی یە كەوایە پێویستییان بەوە نییە ئەمە بكەنە بنەیەكی دارشتنی كۆخوازیی. بەڵكو بۆ مەسەلەی سیاسی و كۆمەڵایەتی باڵاتر دەچن. كەوایە كۆخوازیی- یش پێكهاتوویەكی مێژوویی- كۆمەڵایەتییە... لە كۆمەڵێكەوە، بۆ كۆمەڵێك، لە قۆناغێكی مێژوویی یەوە تا قۆناغێكی مێژوویی دی- دەگۆڕێ، گەر لە بنە سەرەكییەكانیشدا نەبێ لە ماناو شێوەی لێكدانەوەو بەكارهێنانیدا، گۆڕانی تێ دەكەوێ. بەهەرحاڵ ئێمە وەك كورد، تا ئێستا- كۆخوازیی- یەكی كاریگەرمان دروست نەكردووە. هەموو بنەو پێكهێنەرەكانی كۆخوازی بەشێوەیەكی بابەتی- مێژوویی هەن و لەكاردان. بەڵام پێویستمان بەوەیە كۆخوازی بكەینە چوارچێوەی دەربڕینی هەوێتی نەتەوەییمان و پەرەی پێ بدەین.. بیكەینە زەمینەی وتارو رەفتارو كرداری رۆژانەمان. تەنانەت تا دوای شەڕی جیهانی یەكەم و بگرە دوای شەڕی جیهانی دووەمیش، كۆخوازیی كورد لە چوارچێوەیەكی عەشیرەتگەریدا خۆی دەرخستووە، واتە: مەبەستی تیرە یا خێڵێكی كورد تەنیا ئەوە بووە بەرژەوەندییەكانی تیرەكەی خۆی بپارێزێ و لەو سنووورەدا بیركاتەوە: كۆخوازیی، تایبەت بووە بە عەشیرەت و بۆ ئاستێكی نەتەوەیی خۆی فراوان نەكردووە. قۆناغی مێژوویی ئەمڕۆمان هەل و مەرجی نوێی كۆخوایی درووست كردوون، بەر لەهەموو شتێك گەلەكەمان، ژیانمان چارەنووسمان، هەوێتیمان، خاك و ئاوو دارو درەختمان: لەژێر هەڕەشەی لەناوبردن و تواندنەوەدان. بەرهەڵستی ئەمە پێویستی بە بیركردنەوە ناكا. بەرهەڵستی هەڕەشەی مەرگ و لەناو بردن كاركردنەوەیەكی غەریزەیی- سەرەتایی یە كە تەنانەت رووەك و زیندەوەریش هەیانە. كەواتە: ئەگەر هەر لە ئاستی حەیوانیش دا بیربكەینەوە دەبێ بۆ پاراستنی ژیان و كەرامەت و خاكەكەمان، هەنگاو هەڵگرین.. لێرەوە، دەبێ یەكەم سەرەتای كۆخوازیمان، ئەوەبێ: چۆن بەرامبەر هەڕەشەی دوژمنان دەوەستین.. بۆ ئەم مەبەستەش:

پێویستمان بە بەکارهێنانی هەست و هۆش و بیرو لێکدانەوەیە. هەرەشەکە چییە؟ چۆنە؟ لایەن و دوورییەکانی کامانەن؟

بیری نەتەوایەتی گەلی کوردستان- هەر وەك لە (مەم و زین) ی ( خانی) مەزندا خۆی دەنوێنێ، بەر لە هەموو شتێك وەك کاردانەوە ( رد الفعل) دژی سیاسەتی داگیرکردن و چەوساندنەوەی بێگانە لەدایك بووە. لەم ڕووەوە گەلی ئێمە پێشەنگی گەلانی ئاسیا بووە بۆ دەربڕینی بیرێکی نەتەوایەتی پێشکەوتو- و دیاریکردنی زۆر لەو لایەن و ڕەگەزانەی ناوەڕۆکی شارستانی و کۆمەلایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتن خواز پێك دەهێنن.. چ (خانی) پێشڕەوو ج حاجی قادری کۆیی ئالا هەلگر، ئەو ڕاستییەیان بۆ دەربڕیوین کە خەباتی نەتەوەیی تەنیا چەك نییە، دەربڕینێکی هەرە بالای، پێگەیشتن و پەرەسەندنی ناوەڕۆکی کۆمەلایەتی و شارستانی بزووتنەوەی نەتەوەیی یە، بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی و ژیاندنەوەو سەلماندنی هەوێتی نەتەوەیین. خانی داستانی میللی مەم و زین، بۆیە بەکوردی دادەڕێژێتەوەو دەیکاتە ناواخنی بیرە نەتەوایەتییەکانی بۆ ئەوەی:

دا خەلق نەبێژێتن کو ئەکراد
بێ ماریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد
بفکر ژی عەرەب حەتا ڤە جورجان
کرمانجییە بوویە شەبیهی بورجان.

(حاجی) ش لە تێگەیشتنی وردو زیرەکانەی جەوهەری بزووتنەوەی نەتەوەیی یەوە هاوار دەکا:

ئەگەر کوردێ قسەی بابی نەزانی
موحەققەق دایکی حیزە بابی زانی

ئەم مەرجە نەتەوەیی یە جیا نییە لەو پرۆگرامەی خەباتی چەکداری کە حاجی بۆ ڕۆلانی گەلەکەمانی دەستنیشان دەکا:

جۆشێ بدەن وەکو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی جەنگ پەیاکەن، تۆپ و تفەنگ و هاوان

بە کوردی و بەکورتی، بیری نەتەوایەتی کوردیمان چوارچێوەکانی کۆخوازییان بە شێوەیەکی تێئوری بۆ دیارکردووین: نەدۆڕانی خاکەکەمان، قبوڵ نەکردنی توانەوەو ژێردەستی، ژیاندنەوەو بوژاندنەوەو هەوێتی نەتەوەییمان، دانانی بەرنامەیەکی هاوسەردەم و زیرەکانەی خەباتی چەکداری: ئەمانە هەموو بەیەکترەوە بەستراون و یەکتر تەواو دەکەن.. هیچ کوردێك نییە، بێ گوێدانە جۆری بیرکردنەوەو شوێن و پلەی کۆمەلایەتی، ئەم بنەمایانە بە جەوهەری بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازو ڕێزۆیە

مێژوویەکەی نەزانن. بەڵام ئەمە بەس نییە. دەبێ بیرکردنەوەو کردەوەی ڕۆژانەمان، هەوڵ و هەڵوێستمان، تەواو توانستمان، لە چوارچێوەی ئەو کۆخوازییەدا بخەینەکار.
بەڵام کۆخوازیی تەنیا دەست نیشانکردنی ئامانج نییە، بەڵکو ئەو ستراتیژی و ڕێبازو بۆچوونانەشە کە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانە ڕەچاو دەکرێن.
واتای جەوهەری ئەو ئامانجانە ئەوەیە: وەك کورد بەیەکەوە لە خاکی خۆماندا وەك مرۆڤی ئازادو سەربەست بژین و شارستانێتی خۆمان شان بەشانی شارستانێتی گەلانی برای ناوچەکەمان و هەموو گەلانی دنیا پەرەپێبدەین. واتە ئێمە دەمانەوێ ماف و ڕێزی مرۆڤانەی خۆمان بسەلمێنین. بەڵام چۆن دەتوانین ئەم ئاکامە بەدەست بێنین کە خۆمان ڕێزی خۆمانمان لانەبێ، خۆمان وەك مرۆڤ لەگەڵ یەکدیدا ڕەفتار نەکەین، خۆمان مافی ئازادی بیروڕا بەیەکتر نەدەین و گوێ لە یەکتر نەگرین، خۆمان بنەماکانی (کۆخوازیی) نەکەینە پێوانەی ڕاستی و دڵسۆزی هەر گرۆو دەستەیەک بۆ ڕێرۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان؟ مرۆڤ بەوە لە حەیوان جیایە کە هۆش و گۆشی هەیە. هۆشیش لە زمان و گفت و گۆو ئاڵوگۆری بیرو ئەزموندا خۆی دەردەبڕێ. جا کە نەتوانین (وشە) لە جیاتی ( گوللە) بکەینە هۆی لەیەکتر گەیشتن و چارەسەرکردنی جیاوازییەکان، ئەوە زۆر بە سادەیی، مانای بوونی بۆشایی یە لە پێگەیشتن و تێگەیشتنی مرۆڤانەماندا مانای مانەوەی دڕندەیە لەناو پێست و کەوڵی مرۆڤانەماندا.
کەوایە بنچینەیەکی سەرەکی دیکەی ( کۆخوازی) ئەوەیە باوەڕمان بە یەکدی بێ، ڕێزی بیرو ڕای یەکتر بگرین، تا بتوانین لە ڕێگای گفت و گۆی ئازایانەو ئاشکراوە بەرامبەر قۆرت و گرێ کوێرەکەو لایەن و دیاردەکانی جیاوازی و ناحەزێتی بوەستین و بۆ جەماوەریان ڕوون بکەینەوە ( کۆخوازی) بپارێزین و بەهێزی کەین و بیکەینە بۆتەیەکی فراوانی خەباتی مێژوویی-مان.
ڕێڕەوی مێژوویی: بەڵام بێگومان، ئەوە هەڵوێستێکی ئایدیالییە، کە لامان وابێ هەموو شتێ بە گفت و گۆ چارەسەردەکرێ، کە لامان وابێ بە ئامۆژگاری و بەرنامەو پرۆژە کارمان مەیسەر دەبێ... کەلامان وابێ بنچینەکانی کۆخوازیی شتێکی سروشتی ئەزەلین و هەر هەن و هەر دەبن و بەتەنیاو دوور لە ڕێڕەوی مێژوویی کاردەکەن! بنەماو لایەنەکانی کۆخوازی مێژوو دروستیان دەکا.. ڕێڕەوی بزووتنەوەی مێژوویی ناوەڕۆك و مان و مەبەست و کاریگەری شۆڕشگێرییان پێ دەبەخشێ وەك (کارکردە) ی سیاسی دەیان جوڵێنێ و دەمەزەردیان دەکاتەوە.. ڕێڕۆی بزووتنەوەی مێژوویش ڕێڕۆی خەباتی کۆمەڵایەتییە.. یان، بەواتایەکی دی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی خەباتی

نەتەوەیی یە.. هیچ خەباتێکی نەتەوەیی نییە تەنیا لەبەر ئەوەی بنەماکانی سیاسی (کۆخوازیی) هەن، یەکسەر ببێتە خەباتی هەموو گرۆو دەستەو چین و توێژەکانی کۆمەڵ.. گومانی نییەو مێژوو بە ئاشکرا، لە تاقیکراوەو ئەزموونی سەدەها جار دووبارەبووەوەی خۆیدا، ئەوەی سەلماندووە کە لەهەر قۆناغ و دەمێکی مێژوویی دا ئەو تاقم و توێژە چینایەتییانە هەن کە بەرژەوەندییان لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵانی فراوانی خەڵکدا رێك ناکەوێ و ئامادەن، بەڵکو سوورن لەسەر ئەوەی، بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی خۆپەرستانەو تایبەتی خۆیان دەست لەگەڵ دوژمندا تێکەڵ کەن. ئەمە راستییەکی مێژوویی سادەو سەلمێندراوە. بۆیە هەر دەبێ وەك راستی و وەك دیاردەی مێژوویی بیخەینە بەرچاو.. نەك وەك بابەتێکی تیئۆری کە تەنها لەسەر لاپەڕەی کتێب و بەیاننامەکاندا هەیە. گومانی نییە، ئەم باسە، قووڵەو هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ لێرەدا تەنیا چەند سەرەتایەکی سەرەکی دەخەینە روو. مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی بەر لە هەموو شتێك مەسەلەی: خاك.. ئەوسا مرۆڤە، چونکە مرۆڤی بێ خاك مرۆڤی بێ ژیانە. خاك سەرچاوەی سەرەتایی ژیانە. لێرەوە مەسەلەی خاك مەسەلەی سەرەکی و راستەوخۆی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە ژیانییان بە پلەی یەکەم بە خاکەوە- واتە زەوییەوە بەستراوە، ئەوانەش جووتیارانن کە بەشی هەرە زۆری نەتەوە پێك دێنن. خاك: سەرچاوەی بەرهەم هێنانی سامانە: ئەو شێوە بەرهەم هێنانەی بە خاکەوە پەیوەندە شێوەیەکی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان درووست دەکا: کە بە شێوە بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی ناسراوە. لە مێژووی هەموو گەلاندا، ئەم شێوە بەرهەم هێنانە ناکۆکییەکی سەرەکی تێدایە: کە بریتیە لە ناکۆکی لە نێوان ئەوانەی لە خاکدا لە زەوی کشت و کاڵیدا، رەنج دەدەن و بەرهەم دەهێنن، کە جوتیارانن، ئەوانەش کە لەبەر هەر هۆیەکی مێژووی بێ خاوەنی زەوی و زارەکەن، ئەمانەش: مڵکدارانن کە بۆ جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵانی ئاسایی خەڵك، لەناو کوردەواریدا ناوی جۆرا و جۆریان لێ نراوە: وەك بەگ، دەرەبەگ، ئاغا، خان، میر.... گەرچی ئەمە وەك دیاردەیەکی گشتی لە مێژووی هەموو گەلاندا، بەرچاو دەکەوێ، لەنێو هەر کۆمەڵێکدا تایبەتێتی خۆی هەیە.

ئەو تایبەتێتیە، بێ گومان، بە هیچ جۆرێ جەوهەری ناکۆکیەکە رەت ناکاتەوە، ئەمەش جوگرافیا دیاری دەکا.

جوگرافیاش مەبەست دوو شتە، یەکەم: دەوروبەری شوێن، واتە روخساری فیزیکی خاك، ئاو و هەوا، چیا و دۆڵ، دەشت و هەرد و بیابان، رووبار و سەرچاوە، سامانی سروشتی..هتد. هەموو ئەو دیاردانەی کە هەل و مەرجێکی

تایبەتی بۆ فەراهەم بوون و سەرگرتنی جۆرە شێوەیەکی بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان دابین دەکەن.
دووەم: شوێنی ستراتیژی وولات بە نیسبەت ئەو دەوڵەت و گەل هێزانەی دراوسێ و دەور و پشتی بە نیسبەت هەموو وولاتانی جیهانەوە. لایەنی یەکەمیان: بزووتنەوەی ناوەوەیی مێژوو دیاری دەکا. واتە بزووتنەوەی سروشتی و سەربەخۆی کۆمەڵگای نەتەوەیی خۆی، بە هەموو ناکۆکی و تایبەتییەکانیەوە.
لایەنی دووەمیان: بزووتنەوەی دەرەوەیی مێژوو دیاری دەکا، واتە تێکەڵ بوونی مێژووی تایبەتی هەر نەتەوەیەك، یا کۆمەڵێك وەکە هێشتا نەبوونی بە نەتەوە، لەگەڵ نەتەوە و کۆمەڵ و هێزەکانی دیکەی جیهان.. و دەوری (سەلبی) یا (ئیجابی) ئەو پەیوەندییە.
ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەتوانین لە مێژووی خۆمان و تەبیعەتی کۆمەڵەکەمان و تایبەتێتی و جیهانێتی خەباتی ڕزگاریخوازانمان تێ بگەین، کە ڕوخسارەکانی ئەم دوو لایەنی بزووتنەوەی مێژوویی خەباتی نەتەوەییمان بە شێوەیەکی زانستی و وورد و هێمنانە دەرس دەکەین و دەریاندەخەین و تێیان دەگەین.. ئەوسا دەتوانین خۆمان بناسین، دەوری مێژوویی خۆمان دیاری بکەین و لەگەڵ ڕێڕەوی خەباتی ئازادیخوازی سۆشیالیستی گەلانی دنیادا تێکەڵ بین. ئەوەی گومانی نییە ئەو ڕاستییەیە کە کوردستان هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە تایبەتێتی جوگرافی خۆی لە هەردوو لایەنەکەوە هەبووە و هەیە. لە کاتێکدا بۆ نموونە خوارووی عێراق (میسوپۆتەیمیا) و میسر، لە جیهانی کۆندا، کۆڵەکەی ئابوورییان ڕووبارەکەی دیجلە و فورات و، نیل بووە و بەکارهێنانی ئەم ڕووبارانەش پێداویستی بە هەرەوەزێکی ئێشی یەکجار مەزن بووە، کە تەنیا بوونی دەسەڵاتێکی نێوەندی (مەرکەزی) مەزن و زۆردار و ستەمگەر، توانیوێتی دابینی بکا، کوردستان، بە هۆی شوێنگە جوگرافییەکەیەوە، خۆی لەم دیاردە مێژووییە جیاکردۆتەوە. دانیشتوانی کوردستان زیاتر پشتیان بە ئاوی باران و کارێز بەستووە. ئەمە و بوونی دەشت و هەرد و باخ و لەوەڕگا و پاوانی زۆر، کۆمەڵگای کوردەواری وەك چەند کۆمەڵێکی (تیرە و هۆزێکی) سەربەخۆ و خۆ بەڕێوەبەر درووست کردووە.. بۆیە لە هیچ کاتێکدا، سەردەمێکی کەمی شەست ساڵەیی میدییەکان نەبێ، دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز درووست نەبووە کە بتوانێ هەموو یان زۆربەی خێڵ و تیرەکان لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا کۆبکاتەوە.
زۆربەی تیرەکانیش خەریکی بەخێو کردنی مەڕ و مالات بوون، ئەمەش وای کردووە هەمیشە (بەتایبەتی لەگەڵ زیادکردنی مەڕ و مالاتەکەیان بە زاوزێ

وەك خڕبوونەوەیەكی سروشتی سەرەتایی "سەرمایە"، بەدوای لەوەڕگای نوێدا بگەڕێن.. ئەمەش هەمیشە هەل و مەرجی شەڕ و دژایەتی كردنی درووست كردووە. جا یان هەندێ جار تیرەیەك یان كۆمەڵە تیرەیەك توانیویەتی بەسەر كۆمەڵە تیرەیەكی تردا زاڵ بێ و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی لەشكریی و ئابووری خۆیەوە، كە لەمە زۆر جار (میرنشینی) درووست بووە، یان پەنای بردۆتە بەر سوڵح و ڕێكەوتن لەگەڵ تیرە و هۆز و میرنشینەكانی دراوسێدا... بەم جۆرە كۆمەڵگای كورد هیچ كاتێ وەك بزووتنەوەی ناوەوە كۆمەڵگایەكی وەستاو نەبووە.. هەمیشە تێكەڵاو بوون و جم و جوڵ و جەنگ و هەرا و سەرهەڵدان و لەناوچوونی میرنشینی و دەسەڵاتی ناوچەیی تێدا بووە.. هەتا نیوەی دووەمی سەدەی شازدەمیش، كە جێنیشتە بوونی زۆر هۆزی كۆچەری لە كوردستاندا بەدی هات و دەوری بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی زیاتر خۆی سەپاند، پەیوەندییەكانی كۆمەڵایەتی كوردەواری زیاتر پەیوەندی (پەترياركی) بوون، لەوەی دەرەبەگی بن. پەیوەندییەكانی پەترياكی وەك ناواخنی پەیوەندییەكانی دەرەبەگایەتیش تا دوای جەنگی جیهانی دووەم خۆیان پاراست. ئێستاس بە تایبەتی لە پارچەی كۆلۆنیاڵكراوی كوردستانی ژووروودا ماون و كاریگەری خۆیان پاراستووە.
ئایدۆلۆژیەتی پەیوەندییەكانی پەترياكی دەرەبەگیش ئایدۆلۆژیەكی دینی بووە.. بەڵام هەرگیز (وەك لە ئەوروپادا ڕوویدا) دەرەبەگایەتی لە كوردستاندا وەك نیزامێكی ئابووری، سیاسی، دینی خۆی پێنەگەیاندووە و دام و دەزگای دەوڵەتی نەبووە تا مەركەزییەتی خۆی بسەلمێنێ. بۆیە (دین) زیاتر وەك ئایدولۆژیی‌یەكی میللی (شەعبی) لە ڕێگای نوێژ و ڕۆژوو و داستان و ئەفسانە و خەرافیاتەوە خۆی سەپاندووە و نەبۆتە (بنكەیەكی) ڕەسمی ئۆرگانی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی.. لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا نەبێ كە سەرەك عەشیرەتێك هەردوو دەسەڵاتی دنیای و دینی لە خۆیدا كۆكردبێتەوە.
ئەوساش بەنیسبەت ئەندامان تیرەوە، دەروی دین تەنیا ڕەمزی بووە و گرنگێتی لەوەدا بووە بۆ پتەو كردنی دەسەڵاتی واقیعی پەترياكی سەرەك تیرە بەسەر ژیان و چارەنووسی ئەندامانی تیرەكەیدا بەكارهێنراوە.. بە واتایەكی دی: پاشكۆی دەسەڵاتی ئابووری بووە.

پەرەسەندنی سروشتی:

ئەگەر ئێمە تەنیا بزووتنەوەی ناوەوەی كۆمەڵگایەكی دیاریكراو سەرنج بدەین و حسێبی بۆ بكەین، دەبینین كە ڕێڕەوی پەرەسەندنی ئابووری كۆمەڵایەتی قۆناغی دەرەبەگایەتی بەرەو درووست بوونی سەرەتاكانی

سەرمایەداری و سەرهەڵدانی چینی بۆرژوا دەڕوا. بەواتایەکی ڕوونتر: خاك سەرچاوەی سامانە. ئەو سامانە زیادەی کۆدەبێتەوە، دەبیتە هۆی دابەشبوونی کار و جیا بوونەوەی چەند گرۆیەکی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی کشت و کاڵییەوە و خەریك بوونیان بە ئیش وکاری ئاڵ و گۆڕی کەل و پەل و ئیشی پێشەییەوە. لەمەش: شارۆچکە، وەك درێژبوونەوەی لادێ و، شار، وەك پێگەیشتنی شارۆچکە و تەواوبوونی دابڕانی چەند گرویەکی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی زەرعەتیيەوە درووست دەبێ.. تیئورەکانی بورژوازیی و بورناوەندیی لێکدانەوەی مێژوو: ئەو ئەفسانەیان سەپاندووە کە خڕبوونەوەی سەرمایە و درووست بوونی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی تەنیا دەشیا لە ئەوروپادا ڕووبدەن!! ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و هەموو کۆمەڵگاکانی نا ئەوروپی لە وزە و توانستی ناوەوەیاندا نەبووە ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بۆرژوازی خۆش کەن! بۆیە ئیمپریالیزم پێویستییەکی مێژوویی بوو تا ئەو پەیوەندییانە وەك خەڵات و بەرات دیاری بۆ ئەو کۆمەڵگا دواکەوتووانە بەرێ!!.. بەداخەوە، زۆر مرۆڤی ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەریش ئەم ئەفسانەیان بێ پرس و گومان قبووڵ کردووە و قبووڵ دەکەن. ئیمە لێرەدا مەودای ئەوەمان نییە و مەبەستمان نییە لەم مەسەلەیە تیئورییە مێژوویيیە فراوان و قووڵ و زۆر لایەنە بدوێین.. تەنیا ئەوە دەڵێین کە بەلای ئێمەوە پێشکەوتنی ئەوروپا لە پێگەیاندنی بنکەکانی سەرمایەداریدا بە هۆی تالانکردن و دزین و ڕووتاندنەوەی سەروەت و سامانی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ڕوویدا!! هەر ئەم تالان و برۆیە مێژوویيیە گەورەش بوو کە نەك هەر بنکەی سەرمایەداری لەو قاڕانەدا درووست نەکردن، بەڵکو ئەوەی هەشبوو لە ناوی بردن، یان کز و لاوازی کردن و دوایخستن..

**جوگرافیا و بزووتنەوەی دەرەوەیی:**

بەهەر حاڵ ئەگەر ئێمە تەنانەت واشی دانێین کە تەنیا بە بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەند بە بەشێکی گرنگی بازاڕی سەرمایەداری جیهانی: هەل و مەرجی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرمایەداری فەراهەم بوون، هێشتا کوردستان گەر پەرەسەندنی سروشتی ناوەوەشی ئەو ڕێڕەوەی گرتبێ هۆی دەرەوەیی ڕێگای ئەم پەرەسەندنەیان لێگرت.

دابەشکردنی کوردستان و کردنی بە پاشکۆی جوگرافی و ئابووری و بەشەری و کەلتووریی چوار دەوڵەتی خاوەن ژمارەی پتری دانیشتوانی نەتەوەیی جیا، هۆی سەرەکی ئە ڕێ لێگرتنەبوو. بەڵام ئێمە پێویستمان زۆر بۆ دوورتر

ئاوڕبدەینەوە.. زیاتر و زانستانە لە کارکردنی جوگرافیا لە مێژووی نەتەوەکەمان بکۆڵێنەوە.. لێرەدا تەنیا چەند سەرنجێك تۆمار دەکەین:
یەکەم: شاخاوێتی وڵاتەکە و پێکهێنانی دانیشتوانی کوردستان لەسەر شێوەی چەند کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی خۆبەڕێوەبەر (تیرە یا فیدراوسینی چەند تیرەیەك) لە کۆنەوە مەودای پەرەسەندنی شارستانێتی کوردستانی لە ئاستێکی مێژوویی دیاریکراو و تەسکدا ڕاگرتووە.. گەرچی یەکەم شارستانێتی (دێهاتی) واتە دروستکردنی دێ و کۆمەڵگای کشت و کاڵی لە میسوپوتیمیادا، لە کوردستاندا سەری هەڵداوە، باڵام پەرەسەندنی ئەو شارستانیی‌یە دێهاتی‌یە لە سنوورێکی دیاریکراودا وەستاوە و نەیتوانیوە بەشێوەیەکی وا فراوان پەرەبستێنێ و گۆڕانی چەشنیی دروست بکا کە بەرەو شارستانێتی شارنشینی (دامەزراندنی دەوڵەتی نێوەندی بازاڕ و بنکەی بازرگانی گەورە و درووست بوونی دەزگاکانی دەوڵەتی: نووسین و قەزا و ..هتد) بڕوا.. ئەم دیاردەیە یەکەم جار لە کەنارەکانی دیجلە و فوراتدا ڕوویداوە: لەوێدا شارستانێتیەکانی سۆمەر و ئاشور و بابل و ئەکەد و..هتد پێگەیشتوون.
دووەم: لەبەر ئەوە کوردستان (سەرووی میزوپوتیمیا) بەنیسبەت ناوەڕاست و خوارووی میسوپوتیمیا) و دوایش ئیمپراتۆریەتەکانی دراوسێ‌یەوە وەك لادێ بەنیسبەت شارەوە وابوو. گومانی نییە شار لەسەر حسێبی لادێ دروست دەبێ و دەژیا و پەرەدەستێنێ.... لادێ شار بەخێو دەکا و بازاڕەکەی دەبوژێنێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە شار لادێ دەمژێ و دایدەچۆڕێنێ و بۆ ناو خۆی چ وەك ئابووری چ وەك هێزی مرۆڤ بەشەری Manpower ڕایدەکێشێ.
ئەم دیاردە جوگرافییە ئابوورییە هەر لە کۆنەوە بەشێوەیەکی بەردەوام لە پەیوەندی کوردستان بە ناوچەکانی دەوروپشتیەوە خۆی نواندووە. گەر بەووردی بە مێژووی کۆن و نوێماندا بچینەوە دوو جۆرە داچۆڕان (أستنزاف) بەدی دەکەین:
1- داچۆڕانی ئابووری: واتە بەرهەمی ئابووری کوردستان بە تایبەتی گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دێ و میوە و بەرهەمی ئاژەڵی لە کوردستانەوە ڕاکێشراوە بۆ شارستانییەکان یان ئیمپراتۆرییەکانی دەوروپشتی.
لە سەردەمی تازەشدا جگە لەمانەی سەرەوە کەرەسەی خاوی وەك نەوت و ئاسن.. هتد.
2- داچۆڕانی مرۆڤی (بشري): ئەمەش دوو بەشە:
آ- داچۆڕانی زانستی و هونەریی: کوردستان کە لە ئاستی شارستانێتی لادێدا ماوەتەوە مەودای ئەوەی نەداوە ئەو بەهرە و توانستە تاکە کەسیانەی تێیدا سەرهەڵدەدەن (وەك پیشەزان و هونەرمەندو زانا) لە ناو خۆیدا بیانخاتە

کار و پاداشتی بەهرەوەریان بداتەوە، بۆیە ئەوانە پەیتا پەیتا کۆچیان کردووە و لە ناو شارستانییتییەکانی تردا تووانەوە.. لێرەدا، دیاردەیەکی سەیر و هەڵبەت تایبەتی بە کوردستان هەست پێ دەکەین. خاوەن پێشە و سنعەتەکان (وەك خەڵکی هەجیجی و هەورامی بە تایبەتی) لە جیات ئەوەی خەڵکی بچێ شتەکان و کەل و پەلە دروستکراوەکانیان بکڕێ، وەك لە شار و بازاڕی ئاساییدا باوە، خۆیان دەبوو سنعەت و پیشەکەیان بە شانیان دادەن و بە دێهاتەکانەوە بگەڕێن!! ئەمەش گومانی نییە لەبەر شاخاوێتی وولاتەکە و لێك دابڕانی ناوچەیی و نەبوونی بنکەی بازرگانی و بازاڕی ئاڵوگۆڕ بووە.. تەنانەت (قەرەجیش) زۆربەیان لەو خاوەن پیشە و هونەرانە بوون، کە ناچار بوون، بە شوێن ژیاندا ئەم وولات و ئەو وولات بکەن. دوو ساڵ لەمەوپێش تەلەفزیۆنی بەریتانی بەرنامەیەکی دەربارەی قەرەج نیشاندا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کۆمەڵە قەرەجێکی هونەرمەند کە ئێستا لە میسرن و بە بەرهەمهێنانی باشترین مۆسیقا و گۆرانی میللی ناسراون، سەرداری قەرەجەکان ووتی کە ئەوان لە بنەڕەتدا لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە و زۆربەی ئاسیا و ئەفریقا گەڕاون تا لە میسر جێنیشتە بوون.. خۆ گەر ئەمە شتێکی نەسەلمێنراو بێ، ئەوا تەنیا چاوخشانێك بە ناوی ئەو هەموو زانا و فەیلەسوف و مێژوو نووس و شاعیرانەی کورد دا کە لە نەتەوەی خۆیان دابڕاون و بە زمانی بیگانە شتیان نووسیوە، قەوارەی گەورەی (داچۆڕانی زانستی و هونەریی و ڕووناکبیری) گەلی کوردستانمان بە ڕوونی بۆ دەردەخا.

**ب- داچۆڕانی سەربازیی:** کوردستان وەك مەڵبەندێکی شاخاوی خەخت خۆی لە خۆیدا بە تایبەتی بەر لە درووست بوونی تەکنەلۆژی تازەی چەك قەڵایەکی بێ ئامان بووە دژی هێزەکانی سووپای داگیرکەران. بۆیە، لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا، کوردستان، لەچاو ناوچەکانی دەوروپشتی هێزێکی مرۆڤی گەورەی هەبووە بەتایبەتی هێزی جەنگاوەر... لەبەر ئەو دەسەڵاتدارییە ئیمپراتۆرییەکان هەموو کاتێ چاویان لەوە بووە ئەو هێزە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کار بێنن.. یان بە شێوەیەکی ئاسایی، بە حوکمی جوگرافیا ئەم هێزانە دەوری خۆیان لەدەرەوەی خەباتی نەتەوەییدا نواندووە. لاپەڕەکانی مێژوو بۆمان ئاشکرا دەکەن کە پڕ شانازیترین لاپەڕەکانی مێژووی فارس و ئیسلام، بە خوێن و خەباتی جەنگاوەرانی کورد تۆمار کراون وەك درووست بوونی پاشایەتی زەند بە سەرکردایەتی کەریم خانی زەند لە ئێران و خەباتی بنەماڵەیی ئەییوبی کورد و صەلاحەددین دژی سەلیبییەکان... جگە لەم ڕووداوە بەناوبانگ و دیارانە، هێز و مرۆڤی کورد، چ وەك تاك، چ وەك سووپای نیزامی چ وەك جاش و بە کرێ گیراو، لە

پاڵ زۆر لە ڕووداوە گرنگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوەن.. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، خەباتی عەسکەریی کورد لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا، کە بە مەبەستی ڕزگاریکردنی کورد و کوردستان بێ، خۆی گەڵاڵە نەکردووە.. خۆ گەر ئەمە بۆ سەردەمی بەر لە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی بە مانای نوێی ئێستا شتێکی سروشتی و ئاسایی بێ، ئەوا مانەوەی ئەو بنکە مێژووییانەی داچۆران لە چوارچێوەی خەباتی ڕزگاریخوازی ئێستاماندا کارێکی شاز و نا ئاساییە...

لایەنە باشەکانی جوگرافیای کوردستان
لەسەرەوە، پەنجەمان بۆ لایەنە زینبەخشەکان ڕاکێشا... بەڵام نابێ ئەوە فەرامۆش کەین کە جوگرافیای وڵاتەکەمان، بە تایبەتی ڕواڵەتە شاخاوییەکەی گەلێک سوودی هەبووە و هەیە.
آ- لە پێش هەموو شتێکەوە مانەوەی گەلەکەمان و خۆ ڕاگرتنی بەرامبەر شاڵاوی یەك لە دوای یەکی لەشکرەکانی ئیمپراتۆری داگیرکەران بۆ چیاکانمان دەگرێتەوە.. بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاشماندا، کە دوژمنانی داگیرگەری کوردستان باشترین و تازەترین چەکی ئەم سەردەمەیان لە ئێمەدا تاقی کردۆتەوە، کە دۆستێکی بە ڕاستی شك نابەین چەکێکی وامان بداتێ بەرگری لە هێرشی لە ناوبردن بکەین، هێشتا توانیومانە بە هۆی شاخە سەرسەختەکانمانەوە پشتێکی ئەستوور بۆ خۆمان درووست کەین و چۆك دانەنیین. بۆیە کوردستان نەك تەنیا بۆتە قەڵای ئازادیخوازی کورد بەڵکو هی هەموو ئەو هێزە پێشکەوتنخوازانەی لە پێناوی مافی مرۆڤ و ئازادی و سۆسیالیزم لە خۆرهەڵاتی نێوەندا خەبات دەکەن... هەر ئەم دەورە سەرەکییەی شاخە، وەك پشت و پەنا و قەوەت و قەڵای گەلەکەمان، وای لێکردووە ببێتە بابەتی سەرەکی شیعری کوردی بە تایبەتی شیعری نوێمان..
ب-لە کاتێکدا شارستانییەکانی سەر کەناری دیجلە و فورات مەودای پێشکەوتن و بەرفراوانبوونی زۆریان هەبووە و بوونەتە بنکەیەکی بازرگانی و دەوڵەتی، هەر لەوکاتیشدا زۆر جێی کارتێکردنی هێزەکانی دەرەوەیی بوون و هەلی لەناوچوونیان پتر بووە بەهۆی: 1- لافاوی ڕووبارەکانەوە. 2- هێرشی و غەزووی دەرەوە و وێرانبوونیان. 3- زۆر شاری گەورە تەنیا بەو هۆیە پەرەیان سەندووە کە سەرەڕێی کاروانە بازرگانییەکان بوون، بەڵام کاتێ ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی وا هاتۆتە گۆڕێ کە ئەم دەورەیان نەمێنێ، لە خۆیانەوە پووکاونەوە.

سەختی تەبیعەتی سروشتی، شاخاوێتی کوردستان وای کردووە تا ڕادەیەکی زۆر لەم هۆیانە خۆی بپارێزێ. بۆیە لە کوردستاندا لەگەڵ نەبوونی شارستانیتێکی پەرەسەندووشدا، ئەو شارستانیتیەی هەبووە خاسیەتی (بەردەوامی) وەرگرتووە ئێستا زانایانی ئەرکیۆلۆژی و ئیثیۆلۆژی تێگەیشتنێکی نوێیان دەربارەی لە ناوچوونی شارستانیتییەکانی جیهان هەیە. بەپێی ئەمە: لە ناوچوونەکە گشتی و موتڵەق نییە. بەڵکو زیاتر ڕواڵەتە شارییەکانی گرتۆتەوە.. ئەوسا شارەکان نەماون و خەڵکەکە شێوەی ژیانی لادێیان دەست پێ کردۆتەوە.. بە واتایەکی دی، بەردەوامی شارستانیەت لە لادێ و گوندەکاندا خۆی دەرخستووە.. بەردەوامی شارستانێتی کوردستان لە سووربوونی گەلی کوردستان لەسەر پاراستنی زمان و کەڵچەر و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی خۆی، لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشە و زۆرداریەی بێگانەشدا، خۆی دەردەخا.. لە کوردستاندا گوندەکان خۆیان، لەبەر مانەوەیان لە ماوەیەکی مێژوویی دوورە و درێژدا، زۆر جار بوونەتە بنکەی شارستانی و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری. زۆربەی نووسەران و زانایان و هومەرمەندانی کوردستان هەر لە کۆنەوە لە گوندەکانەوە هاتوون، یان هەر لەوێدا چالاکی خۆیان نواندووە.. هەولێر، نەك هەر کۆنترین شاری دنیایە، بەڵکو تاکە شارێکیشە کە بە درێژایی مێژوو ئاوەدان بووە.. بەردەوامبوونی کەڵچەر و شارستانێتی کوردستان ڕەسەنی و بەهێزی ئەو شارستانیتییە و جوامێری و لێهاتووی و هێزی خۆڕاگرتنی مرۆڤی کورد دەرخا.

ج- خاك و دەوروبەری جوگرافی تەنیا بواری چالاکی ئابووری و بەدەست هێنانی مەڵبەند و بژێوی نییە.. چالاکی مرۆڤ لە دوو لایەنی سەرەکی یەکدی تەواوکەردا خۆی دەردەخا:

یەکەم: دەست گرتنی ماددی (مەتریالی) بەسەر سروشتدا لە ڕێگای کارەوە (چالاکی دەست و لەش و هۆش). دووەم: دەست گرتنی ڕۆحی ئیستاتیکی (جوانیخوازی، هونەریی) بەسەر جیهاندا، لە ڕێگای زمانەوە، کە دەبێتە ئامراز و بۆتەیەکی پەیوەندییەکانی ڕۆحی کۆمەڵایەتی... واتە ئەو پەیوەندییانەی لە هەست و سۆز و بیرەکانی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە لایەکەوە، پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و جیهانی دەوروبەرەوە، لە لایەکی دیکەوە، سەر هەڵدەدەن. مرۆڤ تەنیا سەرمایەی ماددی خڕ ناکاتەوە.. بەڵکو سەرمایەی بیریش، لە شێوەی زانین و درووست بوونی زمانی کۆمەڵایەتیدا، بەشێکی گەورەی ژیانی دنیای مرۆڤ پێك دێنێ و تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو بیروڕا و زانینیە کۆمەڵایەتییە کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی مێژوو و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی.

سروشتی شاخاوی کوردستان جوانییەکی بێ ئەندازەی بە وڵاتەکەمان بەخشیوە.. ئەم جوانیە خۆی لەخۆیدا بۆ مرۆڤی کورد سەرچاوەی سروش و ئیلهام بووە.. جگە لەمەش چیا و دۆڵ و دەشت وەك مەیدانی چالاکییەکانی ژیان و بەربەرەکانی لەگەڵ سروشتدا، جۆرە تاقیکردنەوە و ئەزمونێکی هاوبەشی لای مرۆڤی کورد درووست کردووە کە بۆتە ناوەڕۆکی ژیانی ڕۆحی و سایکۆلۆژی هاوبەشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

بابەتی بیر و ئەندێشە کە لە زماندا خۆی دەنوێنێ، وەك بابەتی ئابووری نییە، کە پێویستی بە ڕێگای هاتوچۆی باش و ڕێك و پێك و بازاڕی گەورە هەبێ تا ئاڵ و گۆڕ ئەنجام بدرێ.. کارەساتێکی گەورە، دەبێتە هۆی لەدایك بوونی لاوکێك. ئەم لاوکە دێ بە دێ و ناوچە بە ناوچە دەڕوا و هەر ناوچەیە بەشی خۆی لێ زیاد دەکا و بە شێوە زاری خۆی دایدەرێژێتەوە.. پەندێکی کوردی بە درووستی شێوەی بڵآوبوونەوەی بابەتەکانی زمان دەردەبڕێ کە دەڵێ: (قسە کەوتە زارێك، کەوتە شارێك).. هەر ئەم یەکێتی سایکۆلۆژی و ڕەوانگە ڕۆحییەیە کە خاسیەتیکی گشتی بە مرۆڤی کورد بەخشیوە، بێ گوێدانە کارتێکردنی دابەشکردنی جوگرافی و سیاسی کوردستان.. هەر پارچەیەکی کوردستان بگری، مرۆڤی کورد سوورە لەسەر ئەوەی هەوێتی خۆی بە خوێن بپارێزێ.

جا لێرەوە ئەوەی وەك پێویستییەکی گەورە لە بەردەم باسکار و زانا و ڕووناکبیری کوردا خۆی دەنوێنێ ئەوەیە: بەشێوەیەکی زانستانە و وورد و هێمن: بزووتنەوەی ناوەوەیی و دەرەوەیی مێژووی گەلەکەمان و پەیوەندی دیالیکتیکی نێوانیان شی بکاتەوە و بگاتە ئەنجامی وا کە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕێڕەوی مێژوویی خەباتی گەلەکەمان سوودبەخش بێ: بە تایبەتی دەبێ خۆمان لەو ڕوانگە چەوتە ڕزگار کەین کە دواکەوتوویی گەلەکەمان یان بەتەواوی بۆ هۆی ناوخۆیی (نەبوونی پێشڕەوی ڕاستەقینە، دەرەبەگایەتی.. هتد) یان بە تەواوی بۆ هۆی دەرەوە (ئیمپریالیزم، دابەشکردنی جوگرافی) دەگرێتەوە. دەبێ ڕوانگەیەکی گشتی زانستی هەمەلایەن ڕەچاوکەین.